# هەرێم لەنێوان ململانێکانی ئەمریکا ـ ئێراندا

پاراستنی هاوسەنگی دۆستایەتی لەگەڵ دوولایەنی دژبەیەکدا وەکو (ئێران ـ ئەمریکا) بەتایبەت لەم ڕۆژگارەدا، کارێکی ئاسان نییە، لەگەڵ ئەوەشدا سەرکردایەتی سیاسی کورد توانیویەتی تاڕادەیەکی زۆر ئەم هاوسەنگییە بەکەمترین باج بپارێزێ .چەندە کورد ئەرکی پاراستنی ئەم هاوسەنگییەی لەسەرشانە هەردووک لایەنی دیکەش هەمان ئەرکو بگرە زیاتریش دەبێ وەئەستۆبگرن! نابێ ئەمریکا لەپێناو بەرژەوەندییەکانیدا بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان لەبەرچاو نەگرێ! نابێ هەموو ئەو ڕۆڵە گرنگەی کورد نەبینێ کە لەبەغداو سەرانسەری عیراقو هەرێمو ناوچەکەدا دەیگێڕێ، وەك ئاراستەیەکی دیموکراسی کە لەدواجاردا لەخزمەتی سیاسەتەکانی ئەمریکادایە لەناوچەکەدا. ڕاگرتنی ئارامی لەهەرێمی کوردستاندا، کە جموجۆڵێکی زۆری بازاڕو بازرگانیو پەرەسەندنی پەیوەندییە ئیقلیمیو جیهانییەکانی لێ کەوتۆتەوەو بۆتە هەرێمێکی سەقامگیرو ئارام کەدەکرێ وەك نموونە بۆسەرجەم عیراق چاوی لێبکرێ، هەرلەخۆیەوە نەهاتووە، بەڵکو دوای زەمەنێکی چەند ساڵەو کارەساتو قوربانیەکی زۆر هاتۆتەدی. لەئێستاشدا کە دۆسیەی ئەمنی ڕادەستی حکومەتی هەرێم کراوەتەوە، گرتنی کەسانی تەنانەت گومانلێکراویش ئەرکی دەزگا تایبەتمەندەکانی حکومەتی هەرێمەو ئەوکارەی ئەمریکا دەچێتە دەرەوەی سنوورەکانی دۆستایەتیو هاوخەمی بۆ ئارامی ناوچەکەو بگرە دەست تێوەردانی کاروباری ناوخۆی هەرێمو روشاندنی سەروەریەکەیەتی. بەدیوێکی تریش دا بێ بەڵێنیو ژێرپێنانی پرەنسیپەکانی هاوپەیمانێتی یە لەلایەن ئەمریکاوەو لەدەست دانی ڕاستگۆیی. یەتی ئەمریکا باش دەزانێ بەمکارەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی تووشی ئەزمەیەکی ئابووری کردووەو ئەم کارەش دەرچوونە لەڕێسای هاوپەیمانیو دۆستایەتی، ئەوەش دەزانێ کەسەرکردایەتی سیاسی کورد چ پارسەنگێکی سیاسی ـ ئەمنی بۆڕاگرتووە لەعیراق دا بەڵام تەنگژەکانی لەناوچەکەداو بەتایبەت لەگەڵ ئێران وای لێکردووە پەنا بۆهەرشتێك ببات کەئێرانی بۆبخاتە ژێر مەنگەنەی فشارە سیاسیەکانییەوەو بەرەو ملکەچکردنی بەرێ! ئێرانیش کە سنورێکی درێژی لەگەڵ هەرێم هەیەو دۆستایەتیەکی مێژوویی ـ کۆمەڵایەتی ـ سیاسی پێکیان وەگرێدەدات، رۆڵی حکومەتی هەرێم، سەرکردایەتی سیاسی کورد تێدەگات لەپاراستنی سنورەکانو دەست وەرنەدان لەکاروباری ناوخۆی ئێران، سەرەڕای ئەو قوڵاییە نەتەوەیی یەی هەیەتی، جگە لەبازاڕو بازرگانی کە قازانجێکی زۆری بۆئێران لێ کەوتۆتەوە کەئێران وولاتێکە لەبنچینەدا بەدەردی بێکاریو نزمی داهاتی تاکەوە دەناڵێنێ. بۆیە داخستنی سنوورەکان چەندە زەرەر بە حکومەتی هەرێم دەگەیەنێ هێندەش خۆیان زەرەرمەند دەبن، بێجگە لەو خەوشەی بەر ئەو دۆستایەتیە دێرینە دەکەوێ بۆیە داخستنی سنوورەکان هیچ کارێکی ژیرانە نییە بۆئێرانو زۆر کارێکی نائەقڵانیشە هەرێم باجی کارێك بدات کەخۆی نەك دەستی تێدانییە بەڵکو زۆر دژیەتیو خۆی زەرەری گەورەی لێدەکات چ لەڕووی سیاسیو ئەمنی چ لەڕووی ئابووریەوە. بۆیە باشترین ڕێگا ئەوەیە

سنوورەکان دانەخرێن‌و لەڕێگای میدیاکان دیبلۆماسییەوە بەهەموو لایەك کار لەسەر چارەسەری تەنگژەکەبکەن ئەوەش بەم شێوازە ئەوەندەی دۆستەکانی نیگەران دەکات، نیوهەندە بەرەنجامی فشاری سەرناحەزانی ناچێتەوە، بەڕاستی ئەمریکا دەبێ چاو بەوکارانەیدا لەکوردستان بخشێنێتەوەو، زیاتر پابەندی پەیوەندییەکانی بێ لەگەڵ سەرکردایەتی سیاسی کورد کە لەدواجاردا دەستەبەری سەرسەختی سیاسەتەکانیەتی لەسەرجەم ناوچەکەدا.